# چاوپێکەوتنی ئۆکتۆبەر لەگەڵ شێرزاد فاتح بەڕێوەبەری گشتی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان، سەبارەت بە خولەکانی ئەوقاف بۆ منداڵان.

**ئۆکتۆبەر**: **بەپێی چەند هەواڵێك وەزارەتی ئەوقاف حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 167 ملیۆن دیناری بۆ کردنەوەی 142 خول بۆ خوێندنی قورئان بۆ منداڵان تەرخان کردووە، پاساویش بۆ پێداویستی  کردنەوەی ئەم خولانە، بۆ نەهێشتنی دیاردەی منداڵانی سەرشەقام و کۆڵانەکانە!!، تۆ هێنانی بڕیاریکی ئاوا چۆن تەماشادەکەیت؟**

شێرزاد فاتح:–

سەرەتا سوپاس بۆ ڕەخساندنی ئەم فرسەتە بۆ ئەوەی سەبارەت بەم کێشیەیە ڕاوبۆچوونی خۆمان بدەین.



چەند زانیارییەکی کورت سەبارەت بە وەزارەتی ئەوقاف" وەزارەتی ئەوقاف ئیمکاناتێکی ماڵی زۆری لەبەردەستدایە، بۆ نموونە لە ساڵی 2007 دا 870 ملیۆن دینار داهاتی هەبووە لە وەرگرتنی کرێی خانوو، شوقە، زەویوزاری کشتوکاڵی وباڵەخانەی بازرگانی لە هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان، زیاتر لە 4000 مزگەوت و 80 کەنیسەو 13000 کارمەندی هەیە، کە دەبوو ئەم ئیمکاناتە بۆ خزمەتی منداڵان، چارەسەری نەخۆشیەکانیان و بەرکەوتووانی کیمیای و ..هتد. وە لەگشتدا بۆ دابین کردنی یاریگاو خولی فێربوونی زمان، کۆمپیوتەر، هونەر بە هەموو جۆرەکان و شێوە کانیوە، کردنەوەی جێگەی سەرحاڵی و بەسەربردنی کاتی بە سود بۆ منداڵان و خەرج بکرایەو لەم پێناوەدا دەستی وەزارەتی ئەوقاف دەربهێنرایە، نەك بە پێچەوانەوە لە دژی بەرژەوەندییەکانی منداڵان خەرج بکرێت".

بەبڕوای من کردنەوەی خول بۆ ئەزبەرکردنی قورئان و هەرخولێکی تری ئاینی"جا هەر ئاینێك بێت" بۆ منداڵانی خوار تەمەن 18 ساڵ ، ئەوە پێشلکارییەکە لە دژی مافەکانی منداڵان لەلەلایەن وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێت. دیارە ساڵی پاریش دووبارە لە کاتی پشوی هاویندا وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم دەستی بۆ هەمان کار برد، وە لەم بارەوەو سەبارەت بە تارمایی و ئاسەوارە خراپەکانی ئاین بەگشتی و بە تایبەتیش خولەکانی ئەوقاف و کاریگەریان لەسەر مێشکی ساوای منداڵان، من چەندین بابەتم نووسی، ئەوکات مشت و مڕی زۆری نایەوە لە میدیاکاندا.

بەبڕوای من پێش ئەوەی مرۆڤ بچێتە سەر هەر باس و لێکۆڵینەوەیەك لەم بارەوە، دەبێ ئیشارەت بەوە بکەین کە ئەمە نیشاندەری دەست و پێسپیلکەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بێبەرنامەییانە

لەبەرامبەر منداڵان و چارەسەری کێشەکانیاندا. ئەگەر چاوێك لە کۆمەڵگای کوردستان بکەین سەرباری بوونی ئیمکاناتێکی ماددی زۆر کە قۆرغ کراوە لەبەردەستی بەرپرسانی هەردووحیزبی دەسەڵاتداردا ، نەبوونی خزمەتگوزاری بۆ منداڵان، دابین نەکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان و دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی تر، بەشێکن لەو کارانە کە پێویست دەکات زۆر فەوری چارەسەر بکرێن. بەڵام دیارە بوونی ڕێژەیەکی بەرزی گەندەڵی ئاشکرا لە نێو دام و دەزگاکانی دەسەڵاتدا، بێخەمی و بێدەربەستی دەسەڵاتداران لە ئاست وەڵامدانەوە بەو کێشانە هەموو ئەمانە باڵی بەسەر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کێشاوە. بۆیە بە بڕوای من مەسەلەکە زۆر ڕۆشنە، حکومەتی هەرێم بەرنامەیان بۆ پەروەدەیەکی تەندروست و پێشکەوتنخواز بۆ منداڵان نییە، حکومەتی هەرێم"تۆپێکی یاری کردنی نییە بیدات بە دەستی منداڵانەوە، بۆیە منداڵان دەچن بۆ حوجرەو خولەکانی ئەوقاف" ئەگەر نا من نازانم ئەزبەر کردنی قورئان دەبێ چ سودێك بە منداڵان بگەیەنێت! یانی جگە لە ڕاکێشانی منداڵان بۆ نێو ئاین و دوورخستنەوەیان لە دنیای منداڵی خۆیان و پەلکێش کردنیان بۆ نێو دنیایەکی نامۆ بە حەزو ئارەزووەکانی منداڵان، وچەند مەسەلەی تر کە من پێم وایە هیچ پەیوەندی بە منداڵەوە نییەو کاری ئارەزوومەندانەی گەورەکانە، جگە لەمە، لەم خولانەی ئەوقافدا من هیچ سودێك نابینم بۆ منداڵان.

## ئۆکتۆبەر: لە پاڵ وەرزارەتی پەروەردەدا و لەناو بانگەشەی حکومەتدا سەبارەت بە سیستەمی خوێندی شارستانی، وەزارەتی ئەوقاف بڕیار بۆ کردنەوەی دەورەی خوێندنی قوئان دەردەکات، تۆ ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

شێرزاد فاتح:-

بە بڕوای من کێشەکە لەوێدایە کە خودی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە بەتایبەتیش هەردوو وەزارەتی پەروەردەو ڕۆشنبیری کە یەکەمیان ئەرکی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریەکی مرۆیی و پێشکەوتنخوازی سەردەم و وەزارەتی پەروەردەش، پەروەردەکردنی منداڵان بە پێی بەرنامەیەکی پێشکەوتوو کە وەڵامدەرەوەی خواست و ئارەزووەکانی منداڵان لە ئاست لەئەمڕۆی جیهانی پێشکەوتوودا بێت، دانانی پرۆگرامەکانی خوێندنی و دابین کردنی پێداویستی منداڵان و قوتابخانەکانی لە ئەستۆدایە، ئەم دوو وەزارەتە بە بڕوای من وە بەتایبەتیش وەزارەتی پەروەردە لە ئاستی جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکەو ئەو بەرنامەیەدا نەبووەو نییە، بەو شێوەیە کە پێویستە ببێت. وە لە هەمان کاتدا هەر مەسەلەیەکی پەرەوەردەو فێرکردن پەیوەندی بە مامۆستایانی ئاینی و حوجرەو ئەوقافەوە نییە، جگە لە وەزارەتی پەرەوەردە نابێت هیچ دام و دەزگایەکی تر وە بەتایبەتی ئاینی کاری بەسەر پەروەردەی منداڵانەوە هەبێت. کاتێك کە خولێك بۆ منداڵان دەکرێتەوە، جا سەبارەت بە هەرشتێك بێت کەئەوان پێیان وایە سودی بۆ منداڵان هەیە و کاتی بەتاڵی پێبەسەر دەبەن، دەبێت ئەم بەرنامەیە لە دەرەوەی چوارچێوەی پرۆگرامی پەرەوەدەو ستروکتورو پرنسیپەکانی فێرکردن دا نەبێت. بگرە هەتا ئەگەر ئەو دەزگایە بەرەسمی لە لایەن دەوڵەتەوە ڕێگە پێدراو بێت یان بەشێك بێت لە دەوڵەت. دیارە ئەمە لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتێك لەبەرامبەر ژیانی خەڵکی کۆمەڵگاکەیدا خۆی بە بەرپرس بزانێ!!

من لێرەدا ووتەیەکی Jan Björklund وەزیری پەروەردەی سوید دێنمەوە، کە لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیدا ڕۆژی 15 نۆڤمبری 2007 ڕایگەیاند: ماموستایان لە قوتابخانەکاندا، هەتا بگرە لە

خوێندنگا ئاینییەکان و غەیرە حکومیەکان و Friskolor"حوێندنگای ئازاد"یشدا بۆیان نییە بڵێن خوا گەردونی دروست کردووە. ئەم ووتەیەی جان لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاین مەسەلەیەکی تایبەتی گەورەکانەو پەیوەندی بە منداڵانەوە نییە، وە نابێت منداڵان فێری شتی نا زانستی و خورافە بکەن.

## ئۆکتۆبەر: هەندێك کەس پێیان وایە ئەم هەنگاوەی وەزارەتی ئەوقاف هەوڵێکی حکومەت خۆیەتی بۆ کوتکردنەوەی دەستی هێزە ئیسلامیەکان، لەسەر کۆمەڵگاو منداڵان، لەوبارەیەوە تۆ چی دەڵێیت ؟

**شێرزاد فاتح:-**

من سەرەتا پێم باشە کە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان روونتر لە ماوەی نزیك بە 17 ساڵی رابردووی سیاسەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار"یەکێتی و پارتی"لەبەرامبەر حیزب و هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان بخەمە روو، سیاسەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو حکومەتی هەرێم لەبەرامبەر حیزبە ئیسلامییەکاندا ئەوەبووە کە بە خاتری ڕاگرتنی تەوازنی هێزیان لە دژی یەکترو، بە خاتری رازی کردنی دۆستی دێرینیان"جمهوری ئیسلامی ئێران" هەردوو لایان هەتا پێیان کرابێت لەسەروەت و سامانی کوردستان بە لێشاو پارەیان کردووە بە قورگی ئەم حیزبانەوە. بۆیە گەشەو سەرهەڵدانی هەر یەك لەو حیزبە ئیسلامیانە کە بەهێز بوونیان هەرەشەیە بۆ رێگرتن لە پێشکەوتنخوازی خەڵکی کوردستان، وە لە دژی مافەکانی ژنان و منداڵانن. ئەمە ئیتر بۆ سیاسەتی ئەو دووحیزبە خۆیان دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەی نادروستیان لەم بارەوە.

لە لایەك من پێم دروستە ئەمەی وەزارەتی ئەوقاف دەیکات هەوڵێکی حکومەت بێت، بەڵام بە بڕوای من هەوڵێکی ناعیلاجی و شکست خواردووە، دەنا کورد ووتەنی"سوچ لە قەبەحەت خراپتر" ئەمجا خودی دەسەڵات دێت بە یاسا ئەم کارە دەکات. دەرسێك کە زیانبارە بۆ منداڵان، مێشك داشۆردنە، گۆشەگیر کردن و دوورخستنەوەی منداڵانە لە دنیای ئاڵاو واڵای ڕازاوەیان، دەرسێك منداڵان لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە فێری گەورەساڵاری، کۆنەپەرستی و وەستانەوە بە دژی مافەکانی ژنان دەکات، منداڵانێکی توندوتیژ ...هتد بەرهەم دێنێت. کاتێك کە ئەم بەرنامەیە بەڕێوە دەچێت لە دژی منداڵان، من جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینم لەوەی کە کێ ئیجرای ئەم بەرنامەیە دەکاتەوە. بەڵکو کێشەکە لە بوونی خودی ئەم پرۆسەیەدایە. ئاشکرایە کە ئەمەش دووبارە لاوزی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەوەستانی لە ئاست چارەسەری کێشەکانی منداڵاندا دەردەخات.

## ئۆکتۆبەر: لەم بارەیەوە دەڵێی چی کە دەووترێت "دین دەبێت وەکو زانست بخوێنرێت، و ئەمە لە وڵاتانی ئەورپایش هەیە"؟

**شێرزاد فاتح:-**

مرۆڤ لە ژیاندا پێویستی بە شارەزا بوون لە دەروبەر، مێژوو، هەموو ئاینەکان بە گشتی، رووداوەکان و هۆکارەکانی هەیە. لەوێوە کە، ئاین هەیە، کاریگەری زۆریشی لە سەر مرۆڤەکان هەیەو کاتێکیکیش ئاین تێکەڵ بەسیاسەت کراوەو بە شێوەیەکی سیاسی مامەڵەی لەتەك دەکرێت و بەکاردەهێنرێت، کێشەوگرفتی زۆرو نەهامەتی و هەزارەها قوربانی لێکەوتۆتەوە، وە نەگبەتی بێشوماری بەسەر کۆمەڵگای

بەشەریدا هێناوە. لە هەمان کاتدا ملیۆنەها ئینسان هەن کە ئاین دەپەرستن و بڕوایان پێی هەیە، بەبڕوای من مرۆڤ ناتوانێت لەم لۆژیکە لابدات، هەربۆیە لەم بارەوە خوێندنی ئاینەکان تەنها و تەنها بۆ زانیاری شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەمە ناکاتە خوێندنی تەورات و ئینجیل و قوئان...هتد. لێرەدا پێمخۆشە ئەوەش بڵێم کە ئەوەندەی من ئاگادار بم، خوێندنی "زانیاری ئاینی" یانی بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بزانیٚ ئاین چییەو بڕێك زانیاری لەسەری هەبێت، لە زۆرێك لە وولاتانی غەرب و ئەوروپادا هەیە و دەخوێنرێت. بەڵام یەك ئاین نا بەڵكو هەموو ئاینەکان بەگشتی و شیکردنەوەیەکی سادە لەسەر ئاینەکان هەیە.

بۆیە لەم بارەوە و ئەم جۆرە لە خوێندن من بە ئاسایی دەبینم، بەڵام نەك ئەو ئاینەی کە لە وولاتانی عێراق و ئێران و سعودیەو ...هتد بە گشتی وولاتانی خۆرهەلات وبەشێك لە وولاتانی ئاسیا، دەخوێندرێت کە مرۆڤی گۆشەگیر، پیاوسالارو کۆنەپەرست تا بگرە تیرۆریست پەروەردە دەکات.

بەڵام ئەگەر تۆ مەبەستت ئەوەیە کە ئاین وەك زانست بخوێندرێت، ئەوا ئاین هیچ زانستێکی ئەوتۆی تێدا نییە تا مرۆڤ پێویستی بە خوێدنەوەی هەبێت، ئاینێك کە مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر بگەڕێتەوە، وە لە هەمان کاتدا دنیای پێشکەوتووش ڕۆژانەو بگرە چرکە دوای چرکە لە گۆڕان و دۆزینەوەی تازەگەرییە، چۆن دەکرێت ئاین وەك زانست چاولێبکرێت؟!

## گەڕانەوە بۆ لاپەڕەی کوردی